جوانترین گوڵ(( گوڵە دوعا ))

هەتا پێش بینینی دوعا
لە گەوزان و لە خەڵتانی خوێنی خۆیدا
هەمیشە دەم بەدوعا بووم.
بەڵام کاتێک کە بەردبارانی گوڵم دی
بەدەستی گەلە پیاوی گورگ
لە خوا، لە خەڵک، لە دەسەڵاتیش بێدەنگی
ئیتر عاجز لە خودا بووم.
کە نەمدی خوا وەکو عیسا
دوعاش هەڵکێشێت بۆ ئاسمان
لە ئەفسانەی هەڵکشانا
کەوتمە شک و بەگومان بووم.

ڕۆڵە خوشکم ( گوڵە دوعا )
کاتێک پەڕەی خونچەی تۆیان
بە بەردو بلۆک هەڵوەران
لەخۆم پرسی، لە خوام پرسی
کوانێ غەیب و کوا موعجیزە
بۆتەنگانەی ئاوا نەبێ
ئەی کوا ( کون فەیەکونی ) خوا؟

خوشکی ناخم ( گوڵە دوعا )
چەندە خۆمم بەکەم زانی
کە نەمتوانی
لە ڕەهێڵەی مەرگەبەردا
وەک مرۆڤێ
ببمە بەربەستی هیچ بەردێ.

کەبینیم، بوونم نەبوونە
هەزار تفم لەبێدەسەڵاتی خۆم و
لەتەریقی و لە شەرمانا
یەکپارچە بووم بەکەمتر لە قەترەیەک ئاوو

دەمویست ڕۆچم بەناخی ناخی زەویدا
لە حەشمەتا بە لێشاو نەفرەتم ئەنارد
کە نەمبینی تا دوا بلۆک و پێلەقەش
ڕابوونی دەستی هیچ مەردێ.
نە  بیستنی تاکە ( نا ) یەکی هیچ دەنگێ.

لەبێدەنگیی بەردبارانی( خونچە ی دوعا )
سەلماندنی قێزەوونی دەستەڵات و
نیشاندەرە بۆ خەسان و
بێدەسەڵاتیی کۆمەڵگا.

خوشکی بەڕێزو بێگەردم
لەپاک پاکتر ڕۆڵە ( دوعا )
تا بەردبارانی مرۆڤ بمێنێ
تفم بۆ ڕووی دەسەڵات و
لەسەر پەڕەی هەڵوەراوی خونچەی گوڵت
بڕیارمدا
پشت لە پەڕەی هەموو دین و پەرستنێ
ئیتر نەچمە حزووری خوا.

ڕۆڵە خوشکم ( گوڵە دوعا )
لێمببوورە
ئێمە خاوەنی دوو دەسەڵاتین
تاسەر ئێسقان و ناو مۆخیش
ئازان لە شەڕی براکوژیدا
بێئەوەی هیچ گوێ بەئەمنی قەومی بدەن
ئەمانە جەوهەربوودەڵەن
بەڵام بۆداکۆکی ئیشق و خۆشەویستی
هێز و تواناو دەسەڵاتیان
دەچێتە ئاستی بندەستی.

لە کوردستانی ئازاد دا!
لە بەردەبارانی عیشقدا
نەبوو ( زۆربایە ) یا مەردێ

ببێتە ڕێگری بەردێ
دوای(15) ساڵ حوکمڕانی و
ئەم کارەساتەی کوردستان!
گەلێک پرسیار لەخۆدەگرێ
بوێرانە ئەبێ وەڵامی پێبدرێ.

چەند پرسیارێ:
بۆچوونتان بۆ وەزارەتی مافی مرۆڤ؟
لە بلۆک و لە بەرد پرسن
ئەوانە خۆیان ژێردەستن.
ئەی ئەندامانی پەڕلەمان؟
ئەوانە لام ( کەڕلەمانن )
کتومت هەروەک ڕۆبۆتن
نابیناو دەمکوت و کۆتن.
ئەی وەزارەتی پەروەردە؟
بت و ئاژەڵ دروست دەکەن
بۆ پێتوایە مرۆڤ دەهێننە بەرهەم؟

ئەی بۆچوونت بۆ ئەم دوانە؟
یەکەم کۆمەڵەی ژنان و
دووەم ڕێکخراوی ئافرەتان
بەهەردووکیان ئیتحادە نیسائەکەی هەشتاکانە.
ڕاتان چییە بەرابەر سەنتەری گەنجان؟
مەگەر تەنها گەوج تێنەگات
جێگەی بەنج و هۆش و بیر و
بەمێگەلکردنی گەنجانە.
باشە ئاسایش و پۆلیس؟
خامۆشیی خۆپیشاندان و
ئەشکەنجەو مەرگ و لێدانە.
تیشکێ لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیری؟
لە خۆت پرسە. بۆنابینیت!
لەژێر سایەی ڕۆشنبیری
خۆشەویستی نەفرەت دەکرێ و
عیشق و ئەوین لەناو زیندانی تاریکستانە.

ئەی دەربارەی دەزگای زانیاری و پاراستن؟
لەناو دوو تای تەرازوودان لەیەک ئاستن
پاراستنی دەسەڵات و داپڵۆسینی
پێنووسی خاوەن هەڵوێست و
پسکەپسک و کۆکردنەوەی زانیاری وورد
لەسەر کەسی ڕووناکبیر و ڕۆژنامەوانی ڕاستبێژ و
کەسی هەستیار و بیری وورد
تا لەزیندانی قەڵاچۆلان و سووسێ و ئاکرێدا
دایانڕزێنن.
خەڵاتیش بۆ ئەوکەسانەی
گرنگنییە. خاکفرۆشن، کۆنە بەعسین
گرنگ ئێستا هەروەک جاران بۆدەسەڵات
کاسەلێس و خۆگونجێنن.

دوا ووتەم بۆ سەرمەزاری ( گوڵە دوعا )
هەرکەسێ بێت
لە کوردستان، لە هەرکوێ بێت
بە ڕووی زوڵم و زۆرداریدا
کە بێدەنگێت
نیشانەی ترسنۆکیتە یا دەبەنگیت.

سامان سەردەم
2007/05/12

پێشکەشە بە ڕۆحی پاکی ( گوڵە دوعا ) و
هەزاران ( دوعا ) ی نەبینراو.